# کۆنووسی (یەکەم)کۆبونەوەی لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان زانکۆی سەڵاحەدین ۲۰۲۲-۲۰۲۳

ڕێکەوت: ۲۰۲۲/۰۹/٦

ڕۆژی: سێ شەممە

کات: ۱۰:۰۰ی بەیانی

شوێن: هۆڵی عەبدوڵڵا حەداد-کۆلێژی پەروەردە

بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی کۆلێژەکان جگە لە نوێنەری (کۆلێژی ئەندازیاری) نەبێت، یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامدا. لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەرێز(پ.د.نبیل عادل فخری) بەخێرهاتنی هەریەك لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی کردوو، پاشان ئەم بابەتانە تاووتوێکرا:

**یەکەم:** سەبارەت بەدەستنیشانکردنی بەرپرسی دڵنیایی جۆریی کۆلێژەکان، پێشنیارکرا کە کۆلێژەکان لەکاتی دەستنیشانکردنی بەرپرسی دڵنیایی جۆریی بەهەماهەنگی و ڕاگۆڕینەوە بێت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی سەرۆکایەتی زانکۆدا چونکە کاتێك کۆلێژێك بەرپرسی دڵنیایی جۆریی دەگۆڕێت چەندین گرفت و لەمپەر لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی و پرۆسەی ڕانکین دروست دەکات بۆ زانکۆمان لەبەرئەوەی ناکرێت بۆ هەر بەرپرسێکی دڵنیایی جۆریی، کە تازە دێتە ناو پرۆسەکەوە سەرجەم ڕێنماییەکانی پێشووتر دووبارە بکرێنەوە یاخود زانیاری پێویستی لەبارەیانەوە نەبێت و لێیان بێ ئاگابێت.

**دووەم:** سەبارەت بە پێدانی سوپاسنامەی سەرۆکی زانکۆ بۆ ئەو مامۆستایانەی کە پلەی شایستەیان لە پرۆسەکانی دڵنیایی جۆریی بەدەستهێناوە، پاش ئەوەی وردبینی ئەنجامەکان کراو، هەروەها پێداچوونەوە بەگازاندەی مامۆستایاندا کرا، پێشنیارکرا وەکو نەریتی هەموو ساڵێك لە دەستپێکی ساڵی خوێندندا، سوپاسنامەی سەرۆکی زانکۆو سوپاسنامەی ڕاگری کۆلێژ ببەخشرێت بەو مامۆستایانەی کە پلەی شایستەیان لە پرۆسەکانی دڵنیایی جۆریی بەدەستهێناوە

**سێیەم:** سەبارەت بەو مامۆستا بەڕێزانەی کە داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بۆ مەبەستی پلەبەرزکردنەوە، جەخت لەوەکرایەوە کە پێویستە مامۆستایان ئاگاداربن لەوەی کە تەواوی زانیارییە پێویستەکانی ناو پرۆفایلی ئەکادیمی بەدروستی پڕکرابێتەوە پاشان داواکاری پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان، هەر مامۆستایەکیش ئەگەر کەم و کورتی لە پرۆفایلی ئەکادیمییەکەی هەبوو، ئەوا بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسی دڵنیایی جۆریی کۆلێژ، لە کەموکوڕییەکان ئاگادار دەکرێتەوە، پاش چاکردنەوەی زانیارییەکان وپێشکەش کردنی سیڤیکی تەواوی یونیفورم. ئەوکات داواکاری پێشکەش دەکات.

**چوارەم:** سەبارەت بەگشتاندنەکەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ لەبارەی خەرج نەکردنی سەروانەی زێدەکی بۆ ئەو مامۆستایانەی کە کەم و کورتی لە پرۆفایلی ئەکادیمیان هەیە، جەخت لەوە کراوەیەوە بۆ ئەمساڵی خوێندن، ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت بەسەر سەرجەم مامۆستایانی کۆلێژەکاندا بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆك بەشەکان و بەرپرسی دڵنیایی جۆریی بەشەکان بۆ جێبەجێکردنی گشتاندنەکەو وەرنەگرتنی فۆرمی سەروانەی زێدەکی لەو مامۆستایانەی، کە کەموکورتی لە پرۆفایلی ئەکادیمیان هەیەو بەشداری پرۆسەی دڵنیایی جۆریی ناکەن.

**پێنجەم:** سەبارەت بە ئەنجامدانی فیدباکی قوتابیان جەخت لەوەکرایەوە، کە لە هەردوو سمستەر دەبێت فیدباکی قوتابی بۆ هەموو مامۆستایان ئەنجام بدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش باشترە ڕاستەوخۆ لەپاش تاقیکردنەوەی میدتێرم لەهەر سمستەرێکدا، پرۆسەی فیدباك ئەنجام بدرێت.

**شەشەم:** سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی (پرۆژەی دەرچوون)، جەخت لەوەکرایەوە پێویستە سەرجەم بەشەکانی کۆلێژەکان لە ڕێکەوتی ١١/٢٠ دەست بەئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی بەرایی بۆ پرۆژەی دەرچوون بکەن، بۆیە باشتر وایە هەر لەسەرەتای ساڵەوە لیژنەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆژەی دەرچوون بۆ سەرجەم قوتابیانی قۆناغی کۆتایی پێکبهێنرێت وهەروەها مامۆستای سەرپەرشتیاریش قوتابییەکانی لەم ڕێکەوتە ئاگاداربکاتەوەو هەفتانە (غیاب)ی قوتابییەکانی وەربگرێت.

**حەوتەم:** سەبارەت بە ئەنجامدانی کۆنفرانسی ساڵانەی بەخشینی گرانتی زانکۆ بە باشترین پرۆژەی دەرچوون و باشترین ئایدیای بەسوود، پێشنیارکرا (15,000,000)پازدە ملیۆن دینار تەرخان بکرێت بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسەکە، کە واباشترە لە کۆتایی مانگی١٠ ئەنجام بدرێت.

**هەشتەم:** سەبارەت بە ئەنجامدانی کۆنفرانسی ساڵانەی پێدانی گرانت بە باشترین پرۆژەی دەرچوون و باشترین ئایدیا، جەخت لەوەکرایەوە کە سەرجەم بەشەکانی کۆلێژەکان لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە ئامادەسازی بکرێت و قوتابیان هانبدەن بۆ بەشداریکردن، بۆ دەستنیشانکردنی باشترین پرۆژەی دەرچوون و باشترین ئایدیا لەسەر ئاستی هەربەشێك پێشنیارکرا کە هەر بەشێك کریتریا دەستنیشان بکات بۆ هەڵبژاردنی باشترین پرۆژەی دەرچوون، باشتریش وایە ٥٠٪هەڵسەنگاندنەکە لەلایەن لیژنەی زانستی بەشەوە بێت و ٥٠٪هەڵسەنگاندنەکە لەلایەن هەڵسەنگێنەری دەرکییەوە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی باشترین پرۆژەی دەرچوون لەهەر بەشێك شەفافیەت و بەرچاوڕوونی تەواوی تێدابێت بۆ قوتابیان و مامۆستایانی بەشەکە.

**نۆیەم:** سەبارەت بە چواربابەتە هاوبەشەکەی قۆناغی یەکەم(کارامەیی کۆمپیوتەر، کوردناسی، کارامەییە ئەکادیمیەکان، ئینگلیزی بۆ قوتابیانی زانکۆ)، هەروەها (پرۆژەی دەرچوون) قۆناغی چوارەم، پێشنیارکرا لەسەرەتای ئەمساڵی خوێندندا وێرکشۆپ ئەنجام بدرێت بۆ ئەو مامۆستایانەی ئەو بابەتانە دەڵێنەوە لەبەشەکان، بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی کە یەکەم ساڵیانە لەوانە وتنەوەی ئەو بابەتانە، بۆئەوەی بەرچاوڕوونی تەواویان هەبێت لەسەر ڕێنماییەکانی ئەم بابەتە هاوبەشانە.

**دەیەم:** سەبارەت بەگۆڕانکاری لە برگەکانی زانستخوازی بەردەوام(CAD)، برگەکانی هەگبەی مامۆستا(TP)، پێشنیارکرا سەرجەم مامۆستایانی کۆلێژەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسی دڵنیایی جۆریی کۆلێژەکان، هەر پێشنیارو ئیزافەکردنێك بە پێویست دەزانن بەنووسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی زانکۆی بکەن، دوا وادەش بۆ وەرگرتنی پێشنیارو سەرنجەکان ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٠ دەبێت.

**یانزدەهەم:** سەبارەت بە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، پێشنیارکرا لە هەربەشێکدا لیژنەی زانستی بەش ڕاوسەرنج و پێشنیاری قوتابییە یەکەمەکانی بەشەکە وەربگیرێت، قوتابیانیش بەشداربن لە گۆڕانکاری و پەرەپێدانی بابەتەکاندا.

**دوازدەهەم:** سەبارەت بەو کۆلێژانەی کەوا لە بەشەکانیان مەشقی هاوینەیان(تدریب صيفي) هەیە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی مەشقەکە، پێشنیارکرا بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی زانکۆ لەگەڵ سەرجەم ئەو بەشانەی کە مەشقی هاوینەیان هەیە کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەن، بۆ دیاریکردنی میکانیزمێکی گونجاو بۆ مەشقی هاوینە، بەجۆرێك بێت تاوەکو قوتابیان زۆرترین سوود وەربگرن لە ئەنجامدانی مەشقەکەیان.

**سێزدەهەم:** سەبارەت بە برگەی نۆیەم لە کۆنووسی(پێنجەم)ی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، پارساڵ کە تێیدا داوامانکردبوو لە سەرجەم بەشەکانی گشت کۆلێژەکان، کە **بۆ** ڕێکخستنی شێوازی دابەشکردنی نمرەی کۆشش بۆ سیستمی سمستەر لە سەرجەم قۆناغ و بەشەکانی کۆلێژەکاندا، ڕاو پێشنیاری خۆیان بۆ ئەم مەبەستە بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان تاوەکو لەسەرجەم کۆلێژەکاندا یەك شێوازی دابەشکردن بۆ نمرەی کۆشش پەیڕەوبکرێت. لەسەر بنەمای ئەم نمونەیە هەر کۆلێژێك تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٢ پێشنیارو سەرنجی خۆی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی زانکۆ بکات.

نمونەیەك لە خشتەی دابەشکردنی نمرەی کۆششی قوتابیان ٤٠٪

| نمرەی ئامادەبوونی قوتابی | نمرەی (وێرك لۆد) قوتابی سیمینار، ئێسەی، ڕاپۆرت، | نمرەی تاقیکردنەوەی میدتێرم | کۆی نمرەی کۆشش |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| لەناوپۆل | گروپوێرک، بەشداری لەچالاکی زانستی سمپۆزیۆم و وێرکشۆپ وکۆنفرانس...هتد | | |
| | | | ٤٠ |

بەمشێوەیە دوای ٢:٠٠ کاتژمێر کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. لە کۆتایدا کۆبوونەوەکە داخرا.

**پ.د.نبیل عادل فخری**
**بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان**